ئینسکلۆپیدیای میژوونامە

لە 2001/1/1 تا 2007/10/31

عەلی کەندی

بەرگی چوارەم - چاپی دووەم

بڕیارکراو و پترکراو

باشووری کوردستان - هەولێر

2709 - 2009

24312

گەنجینەیەکی پڕ لە مێژووی ڕووداوی کۆمەڵگاکانی جیهان لەهەموو بوارەکان لەماوەی بیست سەدە دا

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library



وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای میژوونامە

نووسینی: عەلی کەندی

دیزاینی بەرگ: دانەری میژوونامەکە – عەلی کەندی

کۆمپیوتەر: نووسینگەی هیوا بۆ کۆمپیوتەر

بەرگ: بەرگی چوارەم ٢٠٠٩

چاپ: چاپی دووەم ٢٠٠٩

چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان - هەولێر

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

نرخ: بۆ هەرچوار بەرگ (٢٠٠٠٠) دینارە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ ژمارەی سپاردنی(٢٢٥٥) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێدراوە.

بۆ هەر ڕەخنەیەک یان پێشنیارێک یان هەر زانیارییەک لە هەڵەو بەسەرچوون ئاگادارمان بکەنەوە بە ژمارەی مۆبایـــــل/ ٤٥٤٨٠٩٨ ، یـــــان ژمـــــارەی ئاریـــــافۆنی / ٠٦٦٢٥٣٣٥٢٢- یـــان ئیمێڵی:Alikendi@yahoo.com

• مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە

• ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە

www. Kurdchap. com

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری مێرگ چەند تێبینیەکم لە سەر چاپی یەکەمی کتێبی – مێژوونامە – ی نووسەر – عەلی کەندی – نووسیبوو ، دیارە ئەمەش لە بایەخی بەرهەمەکەی کەم ناکاتەوە ، چونکە ئەگەر بزانم کتێبێک لاوازە و کەم بایەخە کاتی خۆم و خوێنەرانی پێ ناکوژم و هەر لە سەری نانووسم ، بەڵام دیارە کتێبەکەی نووسەر عەلی کەندی لەم جۆرە نییە ، پاش ماوەیەک عەلی کەندی بە تەلەفۆن پەیوەندی پێووە کردم و باسی لەوە کرد کە مێژوونامەکەی کردووە بە چوار بەرگ و دەیەوێت بۆی بەسەردا بچمەوە و پێشەکی بۆ بنووسم .

منیش خۆشحاڵی خۆم پێشانداو کاتێکمان بۆ یەکتر بینین دانا ، ئەوە بوو ئێوارەیەک سەردانی بارەگای کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستانی کردو دڵخۆش بووم بەوەی کە هاورێیەکی نوێم بۆ پەیدابوو ، بەڵام بینیم کە چوار بەرگەکە زۆر گەورەن و ژمارەی لاپەرەکانی زۆرە ، بۆیە داوای کاتێکی باشم کرد بۆ ئەوەی بتوانم پێداچوونەوەی بۆ بکەم ، بەڵام دیارە ئەویش بە پەلە بوو بۆیە بریارمدا لە کاتێکی کەمتردا ئەرکەکەم ئەنجام بدەم ، بەڵام بە هۆی سەرقاڵیم و کەمی کات و گەورەیی بابەتەکە لە چوار بەرگدا نەمتوانی بە تەواوی بەسەر بابەتەکەدا بچمەوە ، بۆیە لەوانەیە ئەم بەرهەمە وەکو بەرهەمێکی تر لە هەڵەی چاپ و هەندێ جاریش هەڵەی زانیاریش بەدەرنەبێت ، بەڵام لە هەمان کات کارێکی مەزنە بە ماندووبوونێکی زۆر ئەنجام دراوە . نووسەرێکی دڵسۆزی وەک عەلی کەندی پێی هەڵساوە ، کە پێویستە هان بدرێت و پشتگیری لێ بکرێ تاکو بەرهەمی زیاتر پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکات ، بە تایبەتی کە هێشتا کتێبخانەی کوردی لە زۆر بواردا هەژارەو، ئێستاش نەوەی نوێ لە کوردستانی ئێراقدا پتر هەر زمانی کوردی دەزانن ، بۆیە چاپکردنی کتێبی کوردیش لە هەموو بوارەکاندا بەشداریکردنە لە بەرەو پێشبردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردی ، بۆیە داوا لە خوێنەران و ڕەخنەگرانی کورد دەکەم کە بە بایەخەوە سەیری ئەم بەرهەمە

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بکەن و بیخوێننەوە و لە سەری بنووسن و لایەنە چاک و خراپەکانی بە دیار بخەن ،
تاوەکو گەر هەر کەم و کوڕیەکیشی هەبێت لە چاپەکانی تردا راست بکرێتەوە .
نووسەر کارێکی زۆر باشیش دەکات کە نووسینی خۆی پێش چاپ کردن بە خەڵکانی
تر پێشان دەدات ، چونکە مرۆڤ ناتوانێت هەموو هەڵەکانی خۆی ببینێ ، لە کۆتایشدا
هیوادارم کە عەلی کەندی ئەم توانا باشەی هەیەتی لە بواری کۆکردنەوەو ساغ
کردنەوەی بەڵگەنامەی تایبەت بە مێژووی کورد و لێکۆڵینەوەی مێژوویدا بەکاربهێنێت
. بەمەش بابەتەکانی نووسینی لە باشەوە بەرەو باشتر دەچێت و هەر نووسەرێکیش لە
پرۆسەی نووسیندا بریتیە لە چەند قۆناخێك .

د . محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور
جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری مێژوویی کوردستان و
سەرنووسەری گۆڤاری مێژوو
سەرۆکی بەشی مێژوویی ئێواران / کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی
سەلاحەدین ٢٥ /٢٠٠٩/٧

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

دوکتۆر مارف خەزنەدار

فەرهەنگی زمان و نەدەب و زانستی و هونەر بەهەموو بابەتەکانیەوە، هەروەها نەنسیکلۆپیدیاو رێبەری هەموو شتێك و بیبلیۆگرافیای تایبەتی و گشتی لەگەڵ گۆڤار و پێشکەوتنی کۆمەڵ نرخیان گرانترو پێویستیان زیاتر دەبێ. ئەگەر لەڕۆژگاری نەمڕۆی تەکنۆلۆجیاو ئەنتەرنێت و مۆبایل بیری کەسانێك بۆ ئەوە بچێ سەرچاوەکانی فەرهەنگی زمانو ئەنسیکلۆپیدیاو بیبلیۆگرافیا ئەو نرخەیان نامێنێ، یا کەس پێویستی پێ یان نابێ بەهەڵە چووە، چونکە هێشتا ئەم ئامارە تازە داماتوانە بەسەرهات و کردەوەو پاشماوەی مەدەنیەتی چەندان هەزار ساڵەی ژیانی ئادەمزادیان تۆمار نەکردووە لەمرۆڤی نیاندرتالەوە تا ئادەمزادی سەردەم.

ئەمە ماوەیێکی زۆری دەوێ، جگە لەوەی ئەم ئامارانەش لەبەردەستی هەموو کەسێك نین، تەنیا خوێندەوار کەڵکیان لێ وەردەگرێ. ئەدی نەخوێندەوار لەسەر رووی زەوی ژمارەیان چەندە! نەك تەنیا ئەمە، بەڵکو بەتایبەتی لەهەموو بۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان ژمارەی نەخوێندەوار چەندە!

لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوانەی باسم لێوەکردن لەناو کۆمەڵی ئێمەی کوردەواری بایەخیان پێ نەدراوە، لەم لایەنەوە نامەخانەی کوردی هەژارە، لێرەدا پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێتەوە یەکێ لە مەرجە هەرە گرنگەکان ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێك خۆیان بە نەتەوە (الأمة Nation) بزانن پێویستە تۆماری زمانو نەدەبو مێژوو و جوگرافیاو کولتووری نەتەوەیی یان هەبێ، ئەوەی ئەم هەموو مەرجە کولتووریانە دەپارێزێ و رێکی دەخا ئەو کارەیە کە بەشێکە کەوتۆتە ئەستۆی عەلی کەندی.

تاقیکردنەوە لەناو کوردەواری ئێمەدا لەم بابەتەوە کەمە، ئەوەی کراوە لەو پلەیەدا نییە باوەڕی تەواوی پێ بکرێ، چونکە دوو هۆی سەرەکی دوژمنی ئەم جۆرە کارە زانستییانەن، یەکەمیان ئیدۆلۆجییەتو دووەمیان سۆزی نەتەوەیی (قەومی)، ئەم دیاردانە هەوێنی کاری داهێنانی نەدەبی و هونەرین، بەڵام پێویستە زۆر دووربن لە کاری لێکۆڵینەوەی زانستی، بەتایبەتی فەرهەنگو نەنسیکلۆپیدیا. لەناو میللەتانی کەم پێشکەوتوودا شوێنەواری ئەم دوو ڕەوشتە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتیە تا پلەیێك دەمێنێ.

عەلی کەندی خۆی لەم کارە قورس و پڕ هەوەس و بە کەڵکە داوە، بۆ ئەوەی ئەم لایەنەی

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

نامەخانەی کوردی هەندێ دەوڵەمەند بکا. بەناوی پڕێز لێنانەوە پێی خۆش بوو دوو قسەی بۆ بکەم، منیش بەناوی پڕێز لێنانەوە پێویستە داواکاریەکەی بهێنمە دی.

ئەم کارەی دانەر بەبێ سەرچاوە نەگەیشتۆتە ئەنجام. ئەم سەرچاوانەش دەکرێن بە دوو بەشەوە، سەرچاوەی پۆژئاوایی و پۆژهەڵاتی. ئەوانەی پۆژئاوا مەرجی پاستی و بابەتیان تێدا هەیە.

بەڵام سەرچاوە پۆژهەڵاتیەکان، بەتایبەتی کوردییەکان هەندێ جار جێی متمانە نین، چونکە ئیدیۆلۆجییەت و سۆزی نەتەوەیی تیایاندا کاری خۆیان کردووە، لەو کاتەی ئەو جۆرە فیکرو سۆزە پێویستە لەکاری لەم بابەتەوە دوور بکەونەوە .

هەر چۆنێ بێ ئەگەر شێوازی ئیدیۆلۆجی و عاتیفی لەهەندێ جێگە لەم کارە گرنگدا بەرچاو بکەوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە پۆژهەڵاتیەکان بەتایبەتی کوردییەکان، هەروەها ئەم دیاردەیە هەندێ جار لەسەرچاوە ئەوروپاییەکانیش دەکەونەبەرچاو، بەوەی ئەو کتێبانەی لەزمانانی ئەوروپاییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی لەهەندێ شوێن ئەمانەتی زانستیان تێدا وون بووە یا بەشێوەیێك دەسکاری کراون.

هەر چۆنێ بێ پۆشنبیری کورد عەلی کەندی کارێکی گەورەی کردووە، ئەمە تەنیا کتێبی "میژوونامە"دا ناکەوێتە پوو، بەڵکو لەپێش ئەوە هەندێ کاری دیکەی لەم بابەتەوە بەرهەمی ئەو کۆششە بووەو بلاوکراوەتەوە. هەروەها لەکارەکەی دا بەردەوامە بۆ بەرهەمهێنانی فەرهەنگو ئەنسیکلۆپیدیای بەکەڵکی دیکە.

لەم مەیدانە گرنگەی کولتووری هەموو نەتەوەیێك عەلی کەندیش دەبێتە سەربازی نەناسراوی ئەو جۆرە کارە زانستیانە.

ئەمانە نەك تەنیا لای ئێمە، بەڵکو لەهەموو گێتی دا سوود بەخوێندەوارو پۆشنبیران دەگەیەنن، کەچی نووسینەکانیان دەبن بەسەرچاوەی بنچینەیی بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێك. بەڵام ناویان ناچێتە ناو بیبلیۆگرافیای ئەو کتێبانەی خاوەنیان سوود لەکارە فەرهەنگیەکانیان وەردەگرن.

دەسخۆشی لەبەڕێز عەلی کەندی دەکەم، هیوام وایە لەسەر کارەکەی بەردەوام بێ، هەمیشە ئەوەی کردوویەتی بەکەمی بزانێ بۆ ئەوەی زیادی بکا.

هەولێر : مەڵبەندی پووناکی
٤ ی مایسی ٢٠٠٧

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library